PAY INSTITUTE
For Education & Development

ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان
**PAY**

# را پۆرتی چاودێری بۆ هەڵبژاردنی
# خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان

## راپۆرتی یەکەم

## دەنگدانی تایبەت

## ٢٠١٨/٩/٢٨




*- ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان (**PAY**) ڕێکخراوێکی ناحکومیی کوردستانییەو لە (٢٠١٣/١١/٢٨) بەفەرمی لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان تۆمار کراوە و لە کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٣ەوە دەستی بە چالاکیەکانی کردووە.




**www.payied.org**


**ناونیشان: سلێمانی – شەقامی سالم –تەلاری کوردستان مۆڵ**

**تەلەفۆن:** 0096453320502 - 07701465733 - 07701564576

**ئیمەیل:** sarwary74@yahoo.com / payinstitute@gmail.com -

**فەیسبوک:** facebook.com/pay-institute

**پێگەی ئەلکترۆنی:** www.payied.org



**مافی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە پارێزراوە بۆ ئینستیتوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان - ٢٠١٧**

**ئینستتیوتی پەی لە ٢٦ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٣ مۆڵەتی ژمارە (١٤٠٦) لە فەرمانگەی ڕێکخراوە نا حکومییەکاندا وەرگرتووە**

# پێشەکی

هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، کە بڕیار بوو ساڵێك لەمەوبەر ئەنجام بدرێت، ئەوەبوو دواخرا بۆ ئەیلولی ئەمساڵ، سەرباری کێشمەکێشی لایەنە سیاسیەکان لەسەر ئەنجامدان و ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنەکە لەکاتی دیاریکراو و گرفتەکانی تۆماری دەنگدەران و خاوینی کۆمسیۆن لە هەنگاوەکانیدا و دەستوەردان لەکاروباریان و بوونی فشار لەسەریان و دەرکردنی هەندێك بڕیار و نانی هەندێك هەنگاو لەلایەن ئەنجومەنی کۆمسیارانەوە کە لەراستیدا نەدەبوو وابێت (ئەمانە شوێنیان لێرەدا نیە باسیان بکەین، دواتر لە راپۆرتێکی تێرو تەسەلدا لەسەر هەموویان دەدوێین). لەدواجاردا بڕیاری ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەناو ئەو هەموو ململانێ و کێشمەکێشەدا چووە بواری جێبەجێکردنەوەو لەساتی خۆیدا ئەنجامدرا.

رۆژی ٢٠١٨/٩/٢٨ دەنگدانی تایبەت ئەنجامدرا، لەم راپۆرتە کورتەدا سەرنج و تێبینی خۆمان دەخەینە روو، بۆ ئەوەی بتوانرێت سود لە خاڵە گەشەکان ببینرێت و زیاتر پەرەیان پێ بدرێت، هەموو توانایەکیش بخرێتە گەڕ کەموکوڕییەکان پڕ بکرێنەوەو ئامادەکاری باشتر بکرێت بۆ رۆژی دەنگدانی گشتی لە ٢٠١٨/٩/٣٠ و رێگری لەو پێشێلکارییانەش بکرێت کە لەرۆژی دەنگدانی تایبەتدا کراون بۆ ئەوەی دووبارە نەبنەوە.

بەو هیوایەی رۆژی ٢٠١٨/٩/٣٠ لەکەشێکی دیموکراسیدا هەڵبژاردنێکی سەرکەوتووی دوور لە ساختەکاری ئەنجام بدرێت و ببێتە مایەی ئەوەی نەخشەی سیاسیی هەرێم گۆڕانکاری بەسەردابێت بەو ئاقارەی کە پەرلەمانێکی تازەو حکومەتێکی کارا بێنەکایەوەو خەم و مەینەتیەکانی خەڵکی کوردستان برەوێتەوەو رزگاریان بێت لەو هەموو قەیرانەی تێی کەوتووین.

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**

**٢٠١٨/٩/٢٩**

## پرۆسەی دەنگدانی تایبەت

بەپێی پەیرەوی ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠١٨ ی دەنگدان و لەیەك جیاكردنەوە و ژماردنی دەنگەكان، كە كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستانی دەركردووە، هاتووە: "دەنگدانی تایبەت پرۆسەی دەنگدانی كارمەندانی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ، زێرەڤانی هەرێم (پێشمەرگە) و سوپا، كارمەندانی نەخۆشخانەكان و بەندیخانەكان و بەندكراو حوكمدراوەكان، لە چەند بنكەیەكی تایبەت بە خۆیان ئەنجامدەدرێت ، كە كۆمسیۆن بە هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەكان دەستنیشانیان دەكات، بە مەرجێ پێش (٤٨) كاژێر لە وادەی دەستپێكردنی هەڵبژاردنەكان ئەنجامبدرێت".

بەلام لە راستیدا لە مەیدانی پراكتیكدا رۆژی ٢٠١٨/٩/٢٨ تەنها (هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ، زێرەڤانی هەرێم (پێشمەرگە) و سوپا) بەشداری دەنگدانیان كرد و (كارمەندانی نەخۆشخانەكان و بەندیخانەكان و بەندكراو حوكمدراوەكان) بەهۆی ئەوەی لیستی دەنگدانیان ئامادە نەكرابوو، هەرچەندە لە پەیرەوەكەشدا ناویان هاتبوو بەلام بەشداریان پێنەكرا و بریارە رۆژی ٢٠١٨/٩/٣٠ لەگەڵ دەنگدانی گشتیدا دەنگ بدەن.

بەپێی داتاكانی كۆمسیۆن، ژمارەی دەنگدەرانی تایبەت لە هەرچوار پارێزگای هەرێمدا بەم شێوەیە دابەش بوون:

| هێمای پارێزگا | پارێزگا | ژمارەی بنكە | ژمارەی وێستگە | ژمارەی دەنگدەر |
|---|---|---|---|---|
| ٥ | هەولێر | 41 | 201 | 72.653 |
| ٦ | سلێمانی | 37 | 172 | 62.220 |
| ٤ | دهۆك | 20 | 92 | 33.421 |
| ٧ | هەڵەبجە | 1 | 6 | 2.175 |
| كۆی گشتی | | 99 | 471 | 170.469 |

بەلام لە كاتی هەڵبژاردندا كە رۆژی ٢٠١٨/٩/٢٨ ئەنجامدرا رێژەی بەشدار بوون بەم شێوەیە بوو:

| ژ | پارێزگا | ژمارەی دەنگدەر | ژمارەی بەشداربوان | رێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هەولێر | 72.653 | 67.413 | 92.7% |
| ٢ | سلێمانی | 62.220 | 55.580 | 89.3% |
| ٣ | دهۆك | 33.421 | 31.294 | 93.6% |
| ٤ | هەڵەبجە | 2.175 | 2.027 | 93.1% |
| كۆی گشتی | | 170.469 | 156.314 | 91.69% |

ئەم پرۆسەی دەنگدانە کە دوای ریفراندۆم یەکەم ئەزموونی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسییە لە هەرێمی کوردستاندا، چەند خاڵێکی سەرکەوتووی تیابوو، لەهەمان کاتدا لە کۆمەڵێك کەموکوڕیش بێبەش نەبوو، لەم راپۆرتەدا هەوڵ دەدەین وێرای دەستخۆشی بۆ خاڵە باشەکان، خاڵە لاوازەکان و کەم و کوڕییەکان و پێشێلکارییەکانیش بخەینە بەرچاو، بەو مەبەستەی لە دەنگدانی گشتیدا لەبەرچاو بگیرێن، تا کەموکوڕییەکان راست بکرێنەوەو پێشێلکارییەکان رێگەیان لێبگیرێت.

## یەکەم:

## لایەنە ئەرێنییەکانی پرۆسەکە:

١- بنکەکانی دەنگدان لە کاتی خۆیدا ( کاتژمێر ٨ی بەیانی ) بە رووی دەنگدەراندا کرانەوە.

٢- وێرای فشاری زۆر لەسەر کارمەندانی کۆمسیۆن، بەکارهێنانی مۆبایل بۆ وێنەگرتنی کارتەکانی دەنگدان لەلایەن دەنگدەرانەوە قەدەغەکرا.

٣- تا ئاستێکی زۆر باش بە شێوەیەکی گشتی پرۆسەکە بە ئارامی بەڕێوەدەچوو.

٤- بەشێوەیەکی گشتی ئاسایشی بنکەکان باش دابینکرابوون.

٥- بەشێوەیەکی گشتی رێکاری کۆمسیۆن جێبەجێ دەکرا کە دەبوایە دەنگدەر بۆ دەنگدان بەڵگەنامەکانی (رەگەزنامەی شارستانی، پاسپۆرت، کارتی نیشتیمانی) پێ بێت، بەپێچەوانەوە رێگەی پێنەدەدرا دەنگبدات.

٦- کاتژمێر (٦)ی ئێوارە لە کاتی خۆیدا بنکەکانی دەنگدان داخران.

٧-لەنێو وێستگەو بنکەکانی دەنگداندا هیچ ساختەکارییەك بەدی نەدەکرا، بەڵام بۆ قۆناغی دواتر ناتوانین هیچ رایەك بدەین، چونکە پرۆسەکە هێشتا بەردەوامە و سەبارەت بە گواستنەوەی سندوقەکان و ناردنی ئەنجامەکان بۆ کۆمسیۆن و شێوازی راگەیاندنی ئەنجامەکان، لەکاتی خۆیدا تێبینی و سەرنجەکانمان رادەگەیەنین.

## دووەم:

## لایەنە نەرێنییەکانی پرۆسەکە:

### یەك: پێشێلکاری قەوارەکان:

١- هەندێك لە کەناڵەکانی راگەیاندنی حزبەکان تا ئێوارەی رۆژی ٩/٢٨ لە بانگەشەی هەڵبژاردن بەردەوام بوون.

٢- لەنزیك هەندێك لە بنکەکاندا ریکلامی قەوارەکان هەبوون .

٣- لەهەندێك بنکەدا کارت و ژمارە و وێنەی کاندیدان بەسەر دەنگدەراندا دابەشدەکران.

٤- هەندێك کاندید لەنزیك بنکەکانی دەنگدان و لەناو دەنگدەراندا بەردەوامبوون لەسەر بانگەشە.

٥- لە نزیك هەندێك بنکەدا لەلایەن هەندێك بەرپرس و نوێنەری قەوارەکانەوە ناوی ئەو کەسانە دەنوسرا کە دەنگیان دەدا.

٦- هەندێك لە دەنگدەرە تایبەتەکان فشاریان خراوەتە سەر دوور لە خواستی خۆیان کە دەنگ بە کاندیدی کۆتاکان بدەن.

### دوو: پێشێلکاری هێزە ئەمنیەکان:

١- هەندێك بەرپرسی پێشمەرگە و ئەفسەر و پلەداران لەبنکەکاندا بوون و بەجۆرێکی ناراستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر دەنگدەران هەبوو کە دەنگ بە چ قەوارەیەك بدەن.

٢- لەبازگەکانی (کۆیە، دێگەڵە، سماقوولی، هەولێر) گرفت بۆهاتووچۆی ئەو دەنگدەرانە دروست دەکرا کە ناویان لە شارەکانی ترەوە هاتبوویەوە بۆ دەنگدان.

٣- لە گەلێك بنکەی دەنگداندا رێگری لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەکرا و وەك پێویست رێگەیان پێنەدەدرا کە رووماڵی پرۆسەکە بکەن. بۆ نمونە پەیامنێرانی هەریەك لە دەزگاکانی (KNN، NRT، K24 ، Speda، Westga News، G.kurdistan، Rudaw، Kurdistan Tv) لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی، سۆران، کۆیە، رانیە، چوارقورنە، سیدەکان و سەیدسادق لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە رێگرییان لێکراو پەلاماردران.

### سێ: کەموکورییەکانی کۆمسیۆن:

١- هەندێك لە رێکار و بڕیارەکانی کۆمسیۆن درەنگ بە بەڕێوەبەری بکەو وێستگەو کارمەندانی کۆمسیۆن گەیشتن، بۆ نمونە وەك بڕیاری تایبەت بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری وێنەگرتنی دەنگدەران کە لە

ئێوارەی ٢٠١٨/٩/٢٧ دەرچوو بوو وە راگەیاندنی رۆژنامەوانی قەدەغەکردنی بەکارهێنانی مۆبایل لەنێو وێستگەی دەنگداندا لەلایەن دەنگدەرانەوە کە ٢٠١٨/٩/٢٨ دەرچوو بوو.

٢- فەرمانبەرانی سەر سندوقەکانی دەنگدان وەك پێویست راهێنانیان پێ نەکرابوو و بەشێکیان نەشارەزابوون لە ئیشەکان. بەتایبەت ئەو کارمەندانەی لەسەر محاسەسەی حزبی دانرابوون .

٣- لەهەندێك لەوێستگەکا ندا رێگری لەو دەنگدەرانە نەدەکرا کە مۆبایلیان بەمەبەستی وێنەگرتن لەکاتی دەنگداندا بەکار دەهێنا.

٤- کۆد و ژمارەی سەر سندوقەکان بە جۆرێك نوسرابوو کە زۆر بەئاسانی دەسڕانەوە .

٥- کۆدی سەر قفڵەکان لەگەل کۆدی سەر سندوقەکان جیاوازبون، کە پێویست بوو هاوتابن.

٦- ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی ناوخۆ و پێشمەرگە ناویان بۆ دەنگدان نەگەڕابویەوە.

٧- دەنگدەرانی تایبەت بەشێوەیەکی ناڕێك بەسەر بنکەکانی دەنگداندا لە شارو شارۆچکەکاندا دابەشکرابوون، ئەمەش دەبووە مایەی ئەوەی بەئاسانی ناوەکانی خۆیان نەدۆزنەوە.

٨- لەهەندێ بنکەدا رێگە بەدەنگدەران دەدرا کە بەکۆپی رەگەزنامە دەنگ بدات.

٩- لەهەندێ بنکەدا بەر لە کاتژمێر شەش کارتی دەنگدان تەواوبوو.

١٠- ئەژمارکردن و بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکانی دەنگدانی تایبەت کاریگەری خراپی لەسەر پرۆسەی دەنگدانی گشتیدا هەیە.